نێچیرڤان بارزانی بەبۆنەی جێژنی ڕەمەزانەوە چەند نامەیەکی پیرۆزبایی پێدەگات



نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم بڵاویکردەوە:-بەبۆنەی جەژنی پیرۆزی ڕەمەزانەوە، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نامەی پیرۆزبایی لەو هەریەکە لە نارێندرا مۆدی، سەرۆك وەزیرانی هندستان، نیکۆل پاشینیان سەرۆك وەزیران ئەرمەنستان و هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیاوە پێگەیشت.

لە نامەکاندا وێڕای پیرۆزبایی و سڵاو و هیوای سەرکەوتن بۆ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆك وەزیرانی هندستان و ئەرمەنستان و وەزیری دەرەوەی تورکیا، هیوایان خواستووە جەژنی پیرۆزی ڕەمەزان بۆ هەموو لایەك خێر و خۆشی و ئارامی و ئاسوودەیی لەگەڵ خێدا بهێنێت و جەختیان لە خواستی وڵاتەکانیان بۆ بەرەوڕووبوونەوە بە پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق کردووەتەوە.